ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

42

25 ی ئاب/ ئۆگەست 2022

**بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، عێراق و حکمەتیست/خەتی ڕەسمی**

سەبارەت بە هێرشی تیروریستی بۆ سەر سەلمان روشدی! ....... دوالاپەرە



## ئاراستەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاڵۆزو نادیاردا!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## پەلەقاژەی بۆرژوازی عێراق بۆ دەربازکردنی سیستەمی بەشبەشێنەی قەومی- تائیفی!

مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەڕە ٥



## ئیسلام و چەقۆ!

### لە پەراوێزی هەوڵی تیرۆری سەلمان ڕوشدی دا

مستافا باهیر

بۆ لاپەڕە ٦

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووەو مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## شەڕی مافیاکان!



موحسین کەریم

ماوەیەکە هەواڵی پەیدابوونی باندی مافیایی لە سلێمانی و داگیرکردنی هەزاران پارچە زەوی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و هەڵمەتی دەستگیرکردنیان لەلایەن کۆماندۆو هێزی ئاسایشەوە بوەتە سەردێڕی هەواڵی زۆربەی میدیاکان. ئەمەش وەکو یەکێک لەهەنگاوە چاکسازیەکانی پافڵ تاڵەبانی بانگەشەی بۆدەکرێت لەدوای دەپەڕاندنی ئامۆزاکەی لەپۆستی هاوسەرۆکایەتی یەکێتی و هەڵواستینی هەموو ئەو کارە نەشیاوانە بە عەلاگەکەی ئەودا!

هەرئەوەی کە هێزی کۆماندۆ و ئاسایش بۆ ئەم هەڵمەتە بەکاردەبرێت، مانای ئەوەیە کە لێرە لە کوردستان، یاساو دەسەڵاتی یاسا بەرقەرار نیە، دەنا چ پێویست بە هێزی کۆماندۆ و ئاسایش دەکات هەڵکوتێتە سەر فەرمانگەو دامەزراوە مەدەنیەکانی حکومەت!؟ ئەگەر یاسا هەبێت، دەکرێ بە بڕیاری دادگاو بەپێی لێکۆڵینەوەی یاسایی هەموو ئەو سەرپێچی و زیادەڕۆییانە دەستنیشان بکرێن و لەوانەی دەستیان بەسەرداگرتوون بسەنرێنەوەو ئەنجامدەرانیش روبەرووی یاساو سزای یاسایی پێویست بکرێنەوە!

گومان لەوەدا نیە کە لاهور جەنگی وەکو هەر سەرکردەیەکی حزبێکی چەکداری میلیشییایی کە کۆمەڵێک مافیای چەکداری پێگەیاندووەو توانا و هێزەکەشی هەر لەو سەرکردە مافیایانەوە وەردەگرێت، بەشی شێری بەردەکەوێت لەو تالان

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی....... شەڕی مافیاکان!

و بڕۆیەی کە بەداهاتی کوردستانەوە کردویەتی. هەروەکو گومانیش لەوەدا نیە کە دەیان مافیای چەکدار لەناو یەکێتی و پارتیدا خەریکی تالانی و داگیرکردنی زەوی گرانبەهان لەناو شوێنە گرنگەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شارۆچکەکانی کوردستاندا.

بەڵام ئەوەی کە ئەم تورە لە مافیای لەناو ئەو حزبانەدا دروست کردوە، خودی سیاسەت و بەرنامەی سیاسی و هەڵسوکەوتی خودی سەرۆک و بەرپرسە پلە یەکەمەکانی ئەو دوو حزبەو حزبەکانی هاوشێوەی ئەوانە. کاتێک تاڵەبانی سەدان دۆنم لە گردی دەباشان بۆخۆی پاوان دەکات و ئیمتیازی پاوانکردنی سەدان دۆنمیش دەدات بە نەوشیروان مستەفای کۆنە هاوڕێی لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا، کاتێک مەسعود بارزانی شارۆچکەیەک (سەری ڕەش) داگیردەکات و دەیکات بە بارەگای خۆی و نێچیرڤانی برازاشی سەدان دۆنم زەوی لەناو شاری هەولێردا دەکاتە کۆشک و تەلار و شوێنی حەوانەوە ڕابواردنی خۆی و.... کاتێک سکرتێر و سەرۆکی ئەم دوو حزبە دەستڕۆیشتوە میلیشیاییە کوڕ و برا و برازاکانی خۆیان دەکەنە بەرپرس و حاکم بەسەر خەڵکەوەو سامان و داهاتی کوردستان دەخەنە ژێردەستیانەوە، بەوجۆرەش دەیانکەنە خاوەنی چەندین ملیار دۆلار، بێگومان بەرپرسە سەربازیەکان و بەرپرسانی دیکەی میلیشیاکانیان ناکرێ بێبەش بکرێن لەو تالانیەو دەبێت بەشێکیان بۆ جێبهێڵن! ئەوانیش بەومەرجە پارێزگاری لە تالان و دەسەڵاتی بەرپرسە پلەیەکەکان دەکەن کە بەشی خۆشیان لەو تالان و بڕۆیە بەربکەوێ. ئێستا پاڤل تاڵەبانی دەیەوێ بەشی حاشیەکانی دەوروبەری خۆیان کەم بکاتەوە و بیکاتە دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خۆی!

بەڵام لە کوردستان، میلیشیا و ئیمتیازاتی میلیشیایی کاری خۆی دەکات لە پەیوەند بە حزبە دەسەڵاتدارەکان و پێگەیانەوە لە ململانێ لەگەڵ یەکتردا لەسەر بردنی بەشی زۆرتری داهات و دەسەڵاتی کوردستان. ئایا ئەم هەنگاوەی پاڤل تاڵەبانی، بە کورتکردنەوەی دەستی مافیا بچوکەکان و هێشتنەوەی دەسەڵات و پاراستنی سامانی مافیا گەورەکان( کە خۆی و بنەماڵەکەی لەسەروەوەی قوچەکی دەسەڵاتی مافیاییی ناوچەی سەوزدا دانیشتوون) دەتوانێ بەجێگایەک بگات!؟ دەتوانێ بە سیاسەتی چاکسازی و گێڕانەوەی متمانەی خەڵک بە یەکێتی، وەکو بانگەشەی بۆدەکات، بەشێک لە خەڵک چەواشەبکات و ئەو فەوزایەی ناوخۆی یەکێتی و ئەو بیسەروبەرەییەی حوکمرانیی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی کۆتایی پێ بهێنێ!؟ بێگومان نەخێر.

یەکێتی، هەروەکو پارتی، لە پێشبڕکێی ئەوەدان کە زۆرترین مافیا لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە تا لەڕێگای ئەوانەوە بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەکو دوو حزبی چەکداری دەسەڵاتدارو هەروەها بەرژەوەندیەکانی خێزانە دەسەڵاتدارەکانی ناو ئەو دوو حزبەو سەرۆک مافیاکان بپارێزن. سەرکردە پلە یەکەمەکانی ئەو دوو حزبە بە دانی ئیمتیازاتی دارایی و دەسەڵاتی سەروو یاسا بە چەکدارە پاسەوانەکانی خۆیان پێگەی فرعەونی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا ڕاگرتووەو پاروی دەمی ئەوان بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان و منداڵ و نەوەکانیان زەوت دەکەن! بۆیە ناکرێ حزبێک کە پێکهاتەکەی لە هێزی میلیشیایی و سەرکردەی میلیشیایی پێکهاتبێت، هێزی چەکدارو فەرماندەی چەکداری مرۆڤکوژ خاوەن پێگەی حزبی و سەرچاوەی هێزو توانای بێت لەبەرامبەر خەڵک و لە ململانێیندا لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، دەستبەرداری ئەم مافیا و باندانە بێت کە لەدەوری سەرۆک و سکرتێر ئەڵقەیان بەستوە. ئەو دوو حزبە میلیشیاییە هەمیشە باوەشیان بۆ سەرکردە سیاسی و سەربازیە ڕەنجاوەکانی لای یەکتر کراوەبوەوە کراوەیە. بۆیە سەرەڕای خاسیەتی میلیشیایی و مافیایی یەکێتی و ئەوانەی کە لە لوتکەی دەسەڵاتەکەیدا ڕاوەستاون، ترس لە گواستنەوەی" سەنگەر"ی مافیا پەروباڵکراوەکان بۆلای پارتی ئەم هەنگاوانەی پاڤل تاڵەبانی دەکەنە بابەتێکی پروپاگەندەیی کاتی و هیچی تر!

بەڵام دەبێت خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، کە لەلایەن ئەم مافیا گەورەو بچوکانەوە ستەمیان لێکراوەو پارووی دەمیان ڕفێنراوەو لە هەژاری و بێمافیدا ڕاگیراون و بەرهەمی ڕەنج و قوربانیان کراوەتە کۆشک و تەلارو کۆکردنەوەی سامانی دەیان ملیۆن و ملیار دۆلاری، خۆیان ئامادە بکەن بۆ تەسفیەحسابی کۆتایی لەگەڵیاندا. دەبێت لەڕێگای لە دەسەڵات خستنیانەوە کۆتایی بە تالان و چەتەگەریان بهێنن و ڕووبەڕوی دادگای جەماوەریان بکەنەوە. لەسەر هەموو ئەو تالان و بڕۆیەی لە خەڵکیان کردووە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەوان ئەنجامیان داوە، دادگاییان بکەن و سزای شایستەی خۆیان وەربگرن!

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
فایبەر: 07700475283
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# ئاراستەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاڵۆزو نادیاردا!

## عوسمان حاجی مارف

لێکترازانی پەیوەندی زیاتری لایەنە سیاسیەکان تائاستی گەیشتن بەپێکدادان و بارگرژی توندتر لە نێوانیاندا، مەسەلەیەکی جددیە کە لەئێستای دۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا دەبینرێت. نەتوانینی پێکهێنانی حکومەت لەبەغدا، نادیاری رێککەوتن لەسەر هەڵبژاردن لە هەرێم، ئەو واقعە نالەبارەیە، کە هێزە سیاسیە میلیشیاکانی خستۆتە ناو گێژاوو قەیرانێکی وەها قوڵەوە، ئومێدی رێککەوتنی نێوانیانی خستۆتە ژێر پێ و چارەنوسێکی نەبینراوەوە، کە راشکاوانە فەزایەکی پڕئاڵۆزی و سەرگەردان و دڵەراوکێیان فەراهەمهێناوە.

بەدوای چەندین ساڵ لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنەی نێوان هێزی میلیشیای ئیسلامی و تائفی و قەومپەرستیەوە، بە دەستبردنی بەردەوامیان بۆ بە تالانبردن و دابەشکردنی تەواوی سەروەت و سامانی سەر زەمینی و ژێرزەمینی عێراق و کوردستان لە نێوان خۆیاندا، لە ئاکامدا جۆرێک لە بنبەست و قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی و نەتوانینی راگرتنی پێگەوئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان لە ئایندەدا بەرەورووبۆتەوە، تا ئەو ئاستەی هێزە شیعیەکان زیاتر لێکترازان و پەرشوبڵاوی و پارچەپارچەبوونیان پێوەدیارە. لەنێوان نەخشەو سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئێراندا لەنگەریان گرتووەو چاوەروانی پێشهاتێکن لە رێکەوتن یان چربوونەوەی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێراندا. دڵەراوکێیەک لە ئاستێکی بەریندا لەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا دەنگدانەوەی هەیە، پێشبینی پێکدادان و شەڕی نێوانیان بەدوور نازانرێت.

ئەم هەلومەرجە زادەی واقعیەتی پرۆسەی پاشەکشەو شکستی ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. لەهەمان کاتدا مەسەلەیەک، کە زۆر رۆشن و بەرچاوە، لەلایەک تەواوی ئەو هێزە سیاسیانەی چارەنوسی عێراق و کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی باڵادەستی هێزە میلیشیاکانیانەوە، و پێکهاتەیەکن لەو هێزانەی بەدوای هەردوو جەنگی کەنداودا، بەدوای کۆکردنەوەی پاشماوەی کارەساتەکانی ئەوجەنگانەوە بوون، هەر بەو رێگەیە لەناو چوارچێوەی رەوتی تالانی و گەندەڵی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانەدا، کۆمەڵگایان بەرێوەبردووەو لەقاڵبداوە. لەلایەکی ترەوە تەواو ملکەچ و پێشخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ولاتانی ناوچەکەبوون وەک تورکیا و ئێران، کە گەورەترین رۆڵیان بینیوە لە بێئیرادەکردن و شکۆشکاندن و گۆشەگیرکردنی دەوری خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، بە سەپاندنی دەستەوتاقمی مافیاو تالانچی و میلیشیای ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستی، تا ئەو خەڵکە نەتوانن دەوری بەرجەستەیان هەبێت لە دەخالەتی راستەوخۆ بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دابینکرنی دەسەڵاتی خەڵک. بۆئەوەی فراوانترین زەمینە برەخسێنن لە دەستپێشخەری و داهێنان لە گەندەلی و تالانچێتیدا. ئەمەش نموونەی ئاکامی ئەو دەخالەتەیە، کە دەوڵەتی ئەمریکا و هەر ولاتێکی ئیمپریالیستی بالادەستی بەسەر دانیشتوانەکەیدا لە هەر ولاتێکدا دەیسەپێنێت.

بەدوای جەنگی کەنداوی یەکەم، عێراق و کوردستان بوونە نموونەی یەکێک لەو ناوچانەی پاش دارمانی باری ئابوریان،لەبەردەم گەورەترین گێژاوو ناجێگیری سیاسی سەرگەردانیدا خۆیان بینییەوە. بەدوای جەنگی کەنداوی دووەم و روخانی حکومەتی بەعس، ئەم ناجێگیری و گێژاوە سیاسیە لە ئاستێکی بالای وەهادا بەردەوامی بەو پرۆسەیە دا، کە مایەی خولقاندنی چەندین کارەسات و سیناریۆی دژە ئینسانی و دڵتەزین بوو. لەهەمانکاتدا بەردەوامی ئەم پرۆسەیە تائەو رادەیە کە ئەو نائارامیەی کێشایە ناو دۆخێکی تایبەت بە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە. هەمان سەرگەردانی و بێدەرەتانی و زۆرترین کارەساتی نائینسانی بووە ژیانی رۆژانەی ناوچەکە. لەلایەکی ترەوە ناوچەکە بووە مەیدانی شەرو کێشمەکێشی ولاتانی زلهێزی جیهان و دەخالەتی زیاتری تورکیاو ئێران و هەروەکو بووە بەرهەمهێنەری چەندین گروپی تیرۆریستی و شەری نێوان هێزە میلیشیاکان. بەگشتی چەندین ساڵە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەبەردەم ئابلوقەی کابوسی نائارامی و ناجێگیری سیاسیدا قەتیس ماون و رۆشنایی تیدا بەدی ناکرێت. ئەم دۆخە لە ئاستێکدایە، کە لەهەمانکاتدا هەرشەیەکی گەورەیە بۆ سەر جموجوڵەکانی سەرمایە و سەرمایەگوزاری. جگە لە بازرگانی و قاچاخچێتی نەوت و بازرگانی بەرهەمی بەسەرچوو، ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاریش زۆر سەخت کردوە.

لە راستای ئەم هەلومەرجەداو بەتایبەتی بەدوای پاشەکشەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و هەڵگیرسانی شەری روسیاو ئۆکرانیا و کێشەی چین و ئەمریکا لەسەر تایوان و لاوازبوونی دەوری ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و هەوڵدانی ولاتانی رۆژئاوا بۆ سەرمایەگوزاری لە رۆژهەلاتی ناوەراستداو پاراستنی سەرمایەکانیان، ئاراستەو نەخشەیەک دێتە پێشەوە، کە بەردەوامی ئەم دۆخە ناجێگیرە لە رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی بە قازانجی رۆژئاوا و کێشمەکێشی ولاتانی زلهێزی جیهان مانایەکی نەماوە پێویستە ئاڵوگۆری بەسەردابێت. بۆیە هەوڵ و رێگەیەک پێشبینی دەکرێت، کەبۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا دابین بکرێت. ئەم ئاراستەیە هەوڵێکە

ئیمکانی سایەکردنی هەیە بۆ ڕێکەوتنی لایەنەکانی دەخیل لە ناوچەکەدا، وەک ئەمریکا و روسیا و چین و ئەوروپا و تورکیا و ئێران. بەجیا لە بەدەست هێنانی هەر بەرژەوەنیەکی تر کە لە جوڵەو کێشمەکێشی نێوان وولاتەکاندا رەنگ ئەداتەوە، بەڵام سەردانی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆتین بۆ ئێران، دانوسان و گفتوگۆی ئەمریکاو ئێران و تورکیا هتد. هەر لەو راستایەدا، کە دەخوازێ ئارایشێکی تر بە ناوچەکە بدەن و لە هەوڵی ئەوەدان ئارامی و ئەمنیەت بۆ ناوچەکە بەدەست بهێننەوە. ئەم ویست و ئاراستەیە هەوڵێکی ئایندەیی و نەخشەیەکە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام تا چەند دەکرێت بچێتە باری جێبەجێ بوونەوەو چەند دەخایەنێت. پرۆسەیەکە لەباری عەمەلیەوە نادیارە کەی دەتونێ یەکلاییبێتەوە. بەڵام لەلایەکی تریشەوە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا. دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی عێراق و سوریا بە جۆرێک سەرگەردان و شێواوە، یەکلاییبونەوەی نەخشەیەکی لەو چەشنە بە ئاسانی نایەت بەدەستەوە. ئەم نەخشەو ئاراستەیە، کەمەبەست دڵنیاییە بۆ داسەپاندنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا، لە بەرانبەر ئەم دۆخەی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، کە لەلایەک باڵادەستی دەستەوتاقم و هێزی میلیشیاو گروپی تیرۆریستیە، لەلایەکی تریشەوە کە ئاراستەیەکی ڕۆشن و هاوبەش لە نێوان وولاتانی زلهێزی دنیادا تەماوی ماوەتەوە، دەیخاتەبەردەم ناکۆکی و ڕێگریەکی جددیەوە، کە بتوانێت پرۆسەیەکی خێراو سەرکەوتوو بێت. هەربۆیە دەبینین پەلەقاژێی تەواوی هێزەکانی دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستاندا بە ئیسلامی شیعەو سونەوە، بە عروبەو کوردایەتیەوە لەلایەک لەژێر چەتری ئەو پێشهاتە بۆ ئاڵوگۆڕ، کەوتونەتە پێشبرکێ و شکاندنی سەروپۆتەڵاکی یەکترەوە. لەلایەکی ترەوە هەرلایەکیان پێویستیان بەوەیە ئەوە لەخۆی نیشان بدات شۆرەسواری ئەو مەیدانەیە. بەڵام لە دنیای واقعدا جگە لە قوڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان هیچی تریان نەداوە بەدەستەوە. هەر ئەم نەگونجانەی ئەم هێزە تاڵانچی و گەندەڵ و جەردانەی، کە ناتوانن بێ هێزی میلیشیا خاوەنی دەسەڵات و داگیرکەر بن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ بەردەوامیان بە داسەپاندنی نائارامی و نەبوونی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، بە مانایەک ئەو هێزو پێکهاتەیە نین و شانوشەوکەتی ئەوەیان نیە،کە بتوانن بچنە ناو پرۆسەی پاراستن و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ ئاستی گەشەی سەرمایەگوزاری بۆئاستێکی فراوان لە ناوچەکەدا. تەنها ئیکتفاکردنبەداگیرکرن و بەتاڵان بردنی چاڵە نەوتەکان و چەتەیی و قاچاخچێتیەوە دەتوانن درێژە بە ژیانی سیاسیان بدەن.

ئەم قەیرانەی ئێستاهێزەکان لەناو دیاردەی نەتوانینی پیکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەرگیری بوون، ئامادەنەبوونی هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ دیاریکردنی هەڵبژاردن لە هەرێمدا، بەجیا لە هۆکاری بونی نارەزایەتی بەرفراونی جەماوەری، لەهەمانکاتدا ئاکامی پێشهات و هەوڵی ئەو گۆڕانەیە بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و ئارامی لە ناوچەکەدا پێویستە بکرێت. ئەم پێویستیەش پێگەی ئەو هێزە میلیشیایانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. مەرجێکی گرنگی دابینکردنی ئەمنیەت لە ناوچەکەدا پێویستی کۆتاییهێنانە بەهێزی میلیشیا، بەڵام لەهەمانکاتدا مەرجی مانەوەی دەسەڵاتی ئەو هێزە ئیسلامی و تائفی و قەومپەرستانەش مانەوەی هێزە میلیشیاکانیانە. ئەمەش ئەو ناکۆکیەیە، کە ئەو هێزانە لە عێراق و کوردستان لە بنبەست و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە.

لەم نێوەدا دەبینین لەناو کێشەکانی ئێستای هێزە جۆراوجۆرەکانی شیعە و سونەکانی عێراقدا بە ئاشکرا بەلایەنگری بە ئەمریکا یان لایەنگری بۆ ئێران دابەشبوون:"سەدرو دارودەستەکە"ی بە ناوی حکومەتی زۆرینە لەژێرکاریگەری دەوری سیاسەتی ئەمریکادا سەنگەریان گرتووە و"چوارچێوەی هەماهەنگی" هێزە شێعیەکان وابەستەیە بەسیاسەت و دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئێران لە عێراقدا. پارتی و یەکێتی لەونێوەدا لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشەی سیاسی و پێشبینی بۆ ئاستی هاوسەنگی هێزەکان ئەمسەرو ئەوسەر دەکەن و لە بەرەیەکدا ناگیرسێنەوە. هەرلایەکیان بەرژەوەندی ئایندەی گونجانی هێزەکەی لەگەڵ پێشبینی هاوسەنگی هێزو سەرکەوتنی هەرلایەنێکدا چاوشارکێ دەکەن و لە چاوەڕوانیدان. یەکهەڵویستی و بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان نییە. ئەم سەرەوژێرو هێنانوبردنە بۆ تەواوی هێزەکان، لەو کەناڵە ئاو دەخواتەوە، کە لەلایەک ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دابین بکرێت، لەلایەکی ترەوە هیچ وەڵامێکیان بۆ خواستی خەڵک و نارەزایەتی جەماوەری نیە. بۆیە نە حکومەتیان بۆ پێکدێت، نە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەتوانێت وەڵام بێت بە کێشەکانی نێوانیان. تا ئەم دۆخەش بەلایەکدا نەکەوێت، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمیش ناتوانێت هیچ شتێک لە گۆرینی هاوکێشەی سیاسی بدات بەدەستەوە، گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن تەواو خراوەتە سەربەرە.

دەرگاکان لە ئێستادا بۆ ئەو بەشە لە بۆرجوازی عەرەب و بۆرجوازی کورد، کە دەیانەوێت بەهەمان شێوازی تەوافقی و بەشبەشینەی پێشویان و بە هێزی میلیشیاوە بەردەوامی بە پێکهێنانی حکومەت و بەدەسەڵاتی سیاسیان بدەن، کراوە نییە و بە بنبەست گەیشتووە. کەی دەتوانن ئەو دەرگایە بخەنە سەر پشت، کە بۆ خۆیان پێناچێت بتوانن ڕێگایەکی هاوبەش و سەرکەوتوو لەبەرژەوەندی تەواوی لایەن و هێزەکانیان ساغکەنەوە، بەڵکو لەبەردەم ناکۆکی و چاوەڕوانیەکدا قەراریان

گرتووە، هەرلایەک ناچارە بەوەی تا چەند دەتوانیّ ملی لاکانی تر بشکێنێت و لەهەمان کاتدا هەوڵی تالآنچێتی و گەندەڵیش لەدەست نەدات.

ئەم دۆخە لە پەیوەندی نێوان ئەو هێزە سیاسیانەی ئێستا کە لەدەسەڵاتدان و لەگەڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق و کوردستاندا، درزێکی گەورەی وەها بێوێنەیان سەپاندووە، کە هەڵبژاردن نەک ناتوانیّ وەڵامدەرەوەی بنبەست و قەیرانەکەیان بێت، بەڵکو پرۆسەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی وەک ئێستادا بەقازانجی هیچ لایەنێکیان یەکلایی نابێتەوە، بۆیە جگە لەکۆتایی و ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە بە خرۆشانی جەماوەری و دابینکردنی دەسەڵاتی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی، هیچ ڕێگایەکی تر کارسازو عەمەلی نیە بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمو نائارامی و گێژاوە سیاسیە.

هەوڵدانی وولاتانی ڕۆژئاوا و دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیا تەنیا بۆ دابینکردنی پاراستنی دۆخی ئارامی و ئەمنیەتە بۆ سەرمایەگوزاری، هیچ پەیوەندی و ئاسۆیەکی بۆ خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسودەو ئارامەوە نییەو نابێت بۆ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە.

چاوەڕوانی لە دۆخێکی ئەم چەشنەی ئێستای عێراق و کوردستان بۆ هەر ئایندەیەک، گەر بە غەیری دابینکرندنی دەخالەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری نارازی لەدەسەڵاتی سیاسیدا ساغبێتەوە، کوشندەیەو دووبارەبوونەوەی کارەساتە لە شێوازو کاتێکی تردا. ★

# پەلەقاژەی بۆرژوازی عێراق
# بۆ دەربازکردنی سیستەمی بەشبەشێنەی قەومی- تائیفی!

مەهدی ڕەسوڵ

موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر خۆپیشاندانە ملیۆنیەکەی ڕۆژی شەمەی دواخست. مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران، سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی بەبیّ ڕەوتی سەدر، کۆکردەوە بۆ قسەوباسکردن لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی عێراق. هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانێتی فەتحیش سەرقاڵی ئامادەکاری یە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگی نیشتیمانی، بەڵام هێشتا کێشەکانی عێراق بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

بڕیاربوو ڕۆژی شەممە، ڕەوتی سەدر خۆپیشاندانێکی گەورە لە بەغدای پایتەختی عێراق ئەنجام بدات، بەڵام لەپڕ موقتەدا سەدر خۆپیشاندانەکەی بۆ کاتێکی نادیار دواخست، بە بیانووی خۆبەدوورگرتن لە ڕوودانی ئاڵۆزی. ئەمە لەکاتێکدا موقتەدا لەساڵی ٢٠٠٣وە هەمیشە یەکەمین هێز بووە لە تێکدانی دۆخی ئەمنی وسیاسی لەعیراقدا. ئامانجیشی لە نانەوەی ئاشوب تەنها بۆزیادکردنی بەشی خۆیەتی لەوسیستەمە سیاسیەی کە نزیکەی ٢٠ساڵە وەسیلەی دەستی هێزە ملیشیاکانە بۆچەوسانەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکێش. نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشی عیراق وەک بورکان دەکوڵێت و ئەگەری هەیە لەهەر ساتێکدا بتەقێتەوە و بارگەو بنەی ئەم دەستەوتاقمە میلیشییانە رابماڵیّ. موقتەداو عامری و کازمی و تەواوی سەرانی بورجوازی زۆر بەحەزەرەوە مامەڵە لە گەڵ بارودۆخەکە دەکەن. هەر جوڵەیەک کە دەیکەن تەنها بۆنیشاندانی هاوسەنگی هێزە لەنێوان خۆیاندا. ئەوان هەمویان پاشکۆو لایەنگرییان هەیە بۆهێزە هەرێمی و نێودەوڵیەتیەکان و هەرکەسێک چاودێربێت بەسەر دۆخی سیاسی لەعێراق، دەتوانێت بە رۆشنی درک بەو واقیعیەتە بکات. جموجۆڵی سەدرو کوتلە پەرلەمانیەکەی کە پاڵیان داوە بەوولاتانی عەرەبی بەرەی نەیارەی ئێرانەوە کە لەلایەن ئەمریکاوە و ڕاستەخۆ پشتیوانی لێدەکریّ، لەبەرامبەر هەژمونی ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراقدا خۆی نمایش دەکات. لەبەرامبەردا هادی عامریّ ئەمجارە وەک نێردەیەکی ئێران جەولە مەکوکیەکەی دەست پێکرد. هیچ کام لە هێزە سیاسیەکانی کەنار نەخست و سەردانی کردن وبانگێشتی کردن بۆ کۆکردنەوەیان لە سەرمێزی ڕێکەوتن. هوشداری ئەوەشی دا بە سەدر لە ئەگەری درێژکردنەوەی خویشاندانەکان و دورکەوتنەوە لەهێزەسیاسیەکان، ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە لە دەست هەموویان دەربچێت و کونترۆڵ نەکرێت .

ئیتر هەرشتێک و هەربیانویەک کە دەهێننەگۆڕیّ تەنها پاساوێکە بۆ جۆرێک لە ڕازیکردنی خەڵک و دامرکانەوەی تورەیی جەماوەر، تادەگەن بە ڕێگەچارەیەک و دەرچەیەک کە ئەم سیستەمە سیاسییەو تەواوی بۆرژوازی عیراق لەم قەیران و چەقبەستوویە دەربازکەن .

ئێستا بنبەستی سیاسی گەیشتووە بەوەی کە ئەحزابی بۆرجوازی بکاتە دوکەرت. کوتلەی سەدەر کە نوێنەرایەتی سعودیەو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دەکەن لە ناوچەکەدا بەرامبەر بە ئێران، داوای هەڵبژادنی پێشوەخت دەکەن و دەیانەوێت بەهەرشێوەیەک بێت جیّ قاچی ئەمرێکا لە ناوچەکە قایم بکەن و پاشەکشەیەک بەسەر ئێراندا بسەپێنن و بیخەنە پێگەیەکی لاوازترەوە لە پەیوەند بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی و نفوزی ئێران لە کەنداوو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەرەی سەر بە ئێرانیش دەیانەوێت کە پەرلەمان درێژە بە کارەکانی بداو سەرەک کۆمارو کابینەیەکی تازەی حوکمەت دامەزریّ بەشێوەی بەشبەشێنەی قەومی و تائیفی درێژە بە

حوکمەتداری بدەن!

هیچ کام لەم هێزانە ناکۆک نین لەگەڵ سیستەمی بەشبەشێنەی قومی و تائیفی وئەوەی کە سەرچاوەی ئەم دۆخەیە ریشەی لەو کێشمەکێشەی ئیمپریالیزمی جیهانیدا یەو هێشتا ململانێی نێوان جەمسەرە ئیمریالیستیەکان تەواونەبووەو هیچ ئاسۆیەکیش لەبەردەم زلهێزەکاندا نییە بۆگەیشتن بە ڕێگاچارەیەک کە ببێتەمایەی جێگیری سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بگرە مەترسی ڕودانی جەنگێکی ئەتۆمی ئەگەرێکی زۆر دوور نیە. شەری ئوکرانیا خەریکە دەبێتە شەرێکی درێژخایەن و تادێت لێکەوتەکانی پەرە دەستێنێ. چین ئابلۆقەی تایوان دەداو ئەمریکا هۆشداری دەدا و کوریای باکوریش هەرەشەی جەنگی ئەتۆمی دەکات! دنیا هەتا دێت میلیتاریزە دەکرێ. هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی خراپن و راستەخۆ کاریگەریان هەیە بۆ سەر ژیان و گوزەرانی ملیارەها مرۆڤی کرێکارو زەحمەتکێش.

هیچ کات بەرادەی ئێستا سەرمایەداری لەقەیرانێکی کوشندەدا نەبووە! ،ئەم هەلومەرجە ترسناکە بەبێ دەخاڵەتی چینی کرێکارو بەبێ خرۆشانی جەماوەری نارازی، بەبێ لەمەیدانبونی بەرەی ئازادیخواز، بەری پێناگیرێت. جەماوەری کرێکارو زەحمەیکێشی نارازی لەعیراق و هەرجێگایەکی ئەم دنیایەدا تەنها لەرێگای خۆرێکخستن و کۆبوونەوە لەدەوری ئاسۆی سیاسی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی چینی کرێکار و بەدژی ئەم دۆزەخەی بۆرژوازی بۆی داخستوە، دەتوانێ ئاسۆیەکی رووناک و ئازاد و خۆشگوزەران و ئارام، دوور لە چەوساندنەوەو سەرکوت و ململانێی نێوان ئیمپریالیستەکان و هەرەشەی جەنگ و شەڕی مالوێرانکەرانەیان، بخاتە بردەم مرۆڤایەتی! گۆڕینی ئەم سیستەمە سیاسی و ئابوریە تەنها بەهێزی رێکخراوی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشی هوشیار بە چەکی رزگاریبەخشی کۆمۆنیستی و چینایەتی دەبێت. بەدامەزراندنی سیستەمێکی نوێ دەبێ بە لەسەر بنەمای بەشداری سیاسی راستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، ئەو بەدیلە سیاسیەش تەنها دەسەڵاتدارێتی شورایی کرێکاران و زەحمەتکێشانە. کۆمەڵگای عێراق ئێستا پێویستی بە دیلی دەسەڵاتدارێتی شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژە هەژارو کەمدەرامەتەکانە. نە هەڵبژادنی پێشوەخت و نە سەروەخت، نە گۆرینی دەموچاوەکان و نە بەرەی ئەمریکاو ئێرانیش، هیچ کامیان ناتوانن خەڵکی عێراق لەم ئەزمە سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتیە دەرباز بکەن. تەنها بزوتنەوەیەکی جەماوەی سەربەخۆ و خاوەن بەرنامەیەکی کارسازنەبێت .

☆

---

# ئیسلام و چەقۆ!

## لە پەراوێزی هەوڵی تیرۆری سەلمان ڕوشدیدا

**مستافا باهیر**

شمشێر و چەقۆ لای ئیسلامی سیاسی دوانەیەکن و لەیەک دا نابڕێن! ئیسلامیەکان نەک هەر ئێستا، بەڵکو لە دێرزەمانەوە بەشمشێرو چەقۆ هێرشیان کردوەتە سەر نەیارەکانی خۆیان و بگرە ئەو کەسانەش کە سەر بە هەمان بیروبڕوای ئاینی ئەوان بوون.

ڕۆژی ١٢ی ئابی ٢٠٢٢ لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵی موسڵمان بەناوی "هادی مەتەر" کە لەبنچینەدا لوبنانیەو لە حزبولله وە نزیکە، بەبێ هیچ دوودڵیەک بەبەرچاوی سەدان کەسەوە لە ڕێوڕەسمی ناساندنی کتێبێکیدا لە پەیمانگای "شاتوکوا" لە شاری نیویۆرک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر نوسەری ناسراوی جیهانی"سەلمان ڕوشدی" نوسەری کتێبی "ئایەتە شەیتانیەکان" کە لەلایەن خومەینیەوە فتوای کوشتنی درابوو، بەسەختی بریندار کرد.

"سەلمان ڕوشدی" بێجگە لە ڕۆمانی ئایەتە شەیتانیەکان، چەندین ڕۆمانی تری هەیە. بۆ نمونە ڕۆمانی (مندالەکانی نیوەشەو)ی لە هیندستان قەدەغە کرا، بەڵام لە پاکستان و ئێران بازاڕی باشی هەبوو. دواتر ڕۆمانی (شەرم)ی بلاوکردەوە، کە لە پاکستان قەدەغە کرا، بەڵام لە هیندستان و ئێران پێشوازی لێکرا! تەنانەت دوای ئەمە، "سەلمان ڕوشدی"، خەڵاتی باشترین کتێبی وەرگێردراوی ساڵی لە ئێران پێدرا!

دوای ئەم دوو ڕۆمانە، سەلمان ڕوشدی ڕۆمانی (ئایەتە شەیتانییەکان)ی لە ساڵی ١٩٨٨ بلاوکردەوە، کە ئاماژەیە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی کاتی ئیسلام بوونی "عومەری کوڕی خەتاب" و گلەیی کردنی لە ئایەتێک کە بتەکانی کەعبە پەسەند دەکات. "پێغەمبەریش " بۆ دڵدانەوەی عومەر دەڵێت ئەمە شەیتان بووە و لە شێوەی جوبرائیل، ئەم ئایەتەی بۆ هێناوم!

ڕۆژنامەی (کیهان)ی تارانی، وەرگێردراوی فارسیی ئەم ڕۆمانەی بە زنجیرە بلاودەکردەوە و هیچ سانسۆرێکیشی لەسەر نەبوو. بەڵام کاتێک ڕۆمانەکە دەکەوێتە گێرانەوەی هەولەکانی ئایەتولا خومەینی لە پاریسەوە بۆ هاندانی خەڵکی ئێران دژی شا و تا دەگەڕێتەوە تاران و دەسەلات دەگرێتە دەست، ئیتر دوای ئەوە، بلاوکردنەوەی ڕۆمانەکە لە ئێران قەدەغە کرا. زۆریشی نەبرد، خومەینی فتوای دا کە "سەلمان ڕوشدی" سوکایەتی بە ئیسلام کردوە، بۆیە هەر کەسێک بیکوژێت، خەڵاتێکی گەورەی پێدەدرێت و دەچێتە بەهەشت!

دوای فتواکەی خومەینی، "خامنەی"ش فەتواکەی خومەینی بە بڕیارێکی نەگۆڕی ڕژێمی ئیسلامی ئێران ناوبردووە. بۆ تیرۆرکردنی سەلمان ڕوشدی، حکومەتی ئێران لەماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا دامودەزگا جاسوسی و تیرۆریستیەکانی خستوەتە کار و لەڕێگەی ڕەوت و گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکانی سەر بەخۆیەوە، هەوڵیداوە ئەو کارە جێبەجێ بکات. شتێکی نامۆ نیە کە ئەوەی تاوانی تیرۆرەکەی ئەنجام داوە، بەڕەچەڵەک خەڵکی لوبنانەو لەم ساڵانەی دواییدا سەردانی لوبنانی کردووە لەگەڵ حزب اللەی لوبنانی خزمەتکارو کرێگرتەی ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا پەیوەندی گرتوە و بێگومان ئەوانیش ئەو ئەرکەیان پێسپاردووە!

هەواڵی تیرۆرکردنی "سەلمان ڕوشدی" لە لایەن ئازادیخوازان و بەشێک لە دەوڵەتانەوە ئیدانەو شەرمەزارکرا، بەڵام هەر ئەوە بەتەنها بەس نیە، چونکە هێرشێکردنەسەر نوسەرێک بە مەبەستی کوشتنی لەسەر نوسینی ڕۆمانێک، هێرشێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆسەر ئازادی و ئازادی بیروباوەڕو ویژدان ، هێرشە بۆسەر مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی! بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ئازادیخوازو هەموو ئەو حکومەت و دامەزراوانەی کە ئیدیعای بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین و مافە مەدەنیەکان دەکەن، بە شێوەیەکی ڕون وئاشکرا ئیدانەی ئەم کارە ترسنۆکانەی جمهوری ئیسلامی ئێران بکەن و هەوڵبدرێت لە جیهاندا حکومەتی ئێران گۆشەگیر بکرێت و بەرپرسەکانیشی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تۆمەتبار بکرێن و بدرێن بەدادگا نێودەوڵەتیەکان. چونکە ئەمە یەکەمین تاوان و کۆتا تاوانی ئەم حکومەتە کۆنەپەرستە نیەو نابێت ، بەڵکو ئەم حکومەتە، چەندەها تاوانی گەورەی ئەنجام داوە دژی خەڵک و ئازادیخوازان و ژنان و هەڵسوڕاوانی سیاسی و نەیارانی ئەو ڕژێمە دڕندەوە دژی بەشەریە. نەک هەر ئەوە بەڵکو دەوری ڕاستەوخۆی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی تیرۆرو تۆقاندن لە ئاستی ناوچەکەدا و چەندین گروپی تیرۆریستی ئینساکوژی بەرداوەتە گیانی خەڵکی ناوچەکەو سەدان کەسیان تیرۆرکردوە لەوانەی کە بەدڵی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرست و دڕندەیە ناجوڵێنەوە! ڕژێمی ئیسلامی ئێران و گروپە تیرۆریستەکانی سەر بەو ڕژێمە مەترسیەکی جدین لەسەر خەڵک و ناوچەکەو تەنها دەسکۆتاکردنی ئەوان دەتوانێ ڕێگایەکی کارساز بێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامی و ئازادی بۆ خەڵی ئێران و ناوچەکە و کورتکردنەوەی دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی.

پێویستە ئازادیخوازن و سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە دڵیان بۆ ئازادی لێدەدات، بۆ بەرگریکردن لەئازادی و لە مرۆڤایەتی بێنەمەیدان دژی چەقۆ کێشەکانی ئیسلامی سیاسی و جمهوری کۆنەپەرستی ئێران. هەوڵبدرێت وەک نازیەکانی ئەڵمانیا بە ئاشکرا نەتوانن ڕێکخراو حزب دروستبکەن و ڕێگا لە کارو چالاکیەکانیان بگیرێت.

★

## ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان سەبارەت بە؛

### مامەڵەی نائینسانی ئیبراهیمی عەلیزادە و ڕێکخراوەکەی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەدا!

بەپێی دوو ڕاگەیەنراوی کۆمەڵە_ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەدوای جیابوونەوەیان کەوتونەتە بەردەم چەند کردەوەیەکی نادروست و نائینسانی، لەوانە چەک کردن، ئاگادارکردنیان بۆ دەرچوون لە ئۆردوگای کۆمەڵە، بڕینی موچە و دەرماڵەی ئەوانەی لە ئۆردوگا ناچنە دەرەوە، تا دەگات بە بێبەش کردنیان لە ئیمکاناتی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئیدانەی ئەو ڕەفتارە نائینسانی و نامەدەنیانە دەکەین، و خوازیارین کێشەکانی نێوان هەر دوولا بە ڕێگای گفتوگۆی سیاسی و شارستانی یەکلابکرێنەوە. هاوکات هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی نائەمنی و نائینسانی کە بەهۆی ئەو ڕەفتار و ئەو زۆر بۆ هێنانەوە بێتە پێشەوە، دەخەینە ئەستۆی ئیبراهیمی عەلی زادە و بەرپرسانی ڕیکخراوەکەی و داوا دەکەین هەرچی زووە دەست لەو گوشارانە هەڵبگرن ڕەوش و نەریتێکی سیاسی و مەدەنی بۆ چارەسەری کێشەکان بەدەستەوە بگرن.

١٨ ئابی ٢٠٢٢

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email:
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email:
saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە:
**دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
مۆبایل:004747276028
Email:skrtariati.ms@gmail.com

# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، عێراق ، حکمەتیست/خەتی ڕەسمی

## سەبارەت بە هێرشی تیروریستی بۆ سەر سەلمان روشدی!

ڕۆژی هەینی ١٢ی ئاب ( ئۆگەست)، "سەلمان روشدی" نوسەری کتێبی "ئایەتە شەیتانیەکان" کە لەلایەن خومەینیەوە فتوای کوشتنی درابوو، لەڕێوڕەسمی ناساندنی کتێبێکیدا لە پەیمانگای "شاتوکوا" لەشاری نیۆیۆرک، لەلایەن کەسێکەوە بە چەقۆ هێرشی کرایەسەرو بەتوندی بریندار بوو. بەپێی هەواڵی هەواڵنێریەکان "ئەندرۆ ویلی" وتەبێژی تایبەتی سەلمان روشدیش لەم هێرشەدا بریندار بووە. ئەم هێرشە لەلایەن پیاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵانەوە بە ناوی "هادی مەتەر" دانیشتوی "فەیرڤیو" لە ویلایەتی نیوجێرسی بەرێوەچوو کە لەئێستادا دەستبەسەر کراوە.

هێرشی تیرۆریستی بۆسەر سەلمان ڕوشدی تەنیا یەکێکە لەدەیان و سەدان هێرشی تیرۆریستی کە ڕۆژانە ڕوودەدات. بەریبوونەوەی تیرۆر و کوشتاری مرۆڤەکان بەشێوەی جۆراوجۆر، کوشتنی نەیاران و تەنانەت منداڵان و خەڵکی مەدەنی سەرتاسەری جیهانی داگرتوە. هەر بەم پێیەش جیهان بوەتە دۆزەخێک کە هیچ شوێنێکی ئارامی تێدانەماوە. جیهانێک کە لەسەر بنەمای ڕقوکینەی نەتەوەیی، مەزهەبی و رەگەزی، دەتوانێ لاوانێکی بێتاوان، هەژارو بێهیوا بگۆڕێت بۆ ئامرازی کوشتن و تیرۆر لەلایەن هێزە کۆنەپەرەستەکانەوە. هیچ گومان لەوەدا نیە کە هێرش بۆسەر سەلمان روشدی لەلایەن هەر کەس، رێکخراو و دەوڵەتێکەوە ئەنجام درابێت، کردەوەیەکی تاوانکارانەیەو مایەی نەفرەت و سەرکۆنەکردنە لەلایەن مرۆڤایەتی هاوچەرخەوە.

بەڵام ئەمڕۆ لەسایەی سەرهەڵدانی جەمسەرە گەورە سیاسی و سەربازیەکانەوە، لەسایەی ئەو شەڕە وێرانکەرانەوە کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپێنراوە و هەروەها دەورونەخشی دەوڵەتە زلهێزەکان لەرێکخستنی چەندین باندوتاقمی نەتەوەپەرست، مەزهەبی و رەگەزپەرست و چەتە چەکدارەکان وەکو هێزی بەکرێگیراوی خۆیان لەپێناو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان، جیهانیان کردوەتە مەیدانی تیرۆر، کوشتار و تاوانی ڕەسمی و نارەسمی، دەوڵەتی و نا دەوڵەتی. ئەوەی ئەمرۆ دژی سەلمان روشدی ئەنجام دەدرێت و ئەوەی کەڕۆژانە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا کەسێک یان ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی، لە منالانی قوتابخانەکان و .. دەکرێنە قوربانی، لەهەنگاوی یەکەمدا ئاکامی ڕاستەوخۆی هەلومەرجێکە کە تێیدا ڕقوکینەی نەتەوەیی، مەزهەبی و نەژادی نەک تەنیا لەلایەن دامودەزگای ڕاگەیاندنی ڕەسمیەوە پەرەپێئەدرێت، بەڵکو تەنانەت لەلایەن دەوڵەتانی جۆراوجۆرەوە ڕێکدەخرێت. و لەژێر سێبەری ئەم رکابەرایەتی و کێشمەکیشانەدا، سەرەڕای نەخشی دەوڵەتەکان، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی باندە تاوانبارە مرۆڤکوژەکان رەخسێنراوە.

ئەگەر هەتا دوێنی تیرۆر لە ئێران، عێراق، ئەفغانستان، ڕواندا، سوریا، لیبیا، فەلەستین، لوبنان و ... وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگانە چاولێدەکرا، ئەگەر جاران مەودای فتوای مەرگ و تیرۆری نەیارانی سیاسی لەلایەن مەرجەعە دواکەوتوە مەزهەبیەکانەوە و.. تەنیا وڵاتانی بەناوی ئیسلامیی دەگرتەوە، ئەمڕۆ لەسایەی کێشمەکێشە جیهانیەکانەوە و پیلانی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی سیاسی و سەربازیەکانی خۆیان و بەنرخی ڕۆژڕەشیی خەڵکی جیهان، چیتر تەنیا بە وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەوەستاوە. ئەمرۆ تاوان و تیرۆری دەوڵەتی و نادەوڵەتی وەک بەشێک لە سیاسەتی زلهێزەکان و هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەوان، بوەتە بەشێک لە سیمای جیهان و ژیانی خەڵک.

بێگومان چینی کرێکار و مرۆڤایەتی هاوچەرخ بۆ کۆتاییهێنان بە تیرۆر وتاوان، بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی، بۆ بنبڕکردنی دوژمنایەتی کوێری نەتەوەیی، مەزهەبی و نەژادی و.. هیچ ڕێگایەکی تری نیە، جگە لە کۆتاییهێنان بە نیزامی سەرمایەداری و جڵەوکردنی دەوڵەتە بۆرژواییەکان، کە ئەنجامدەرو هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو نەهامەتی، هەژاری، تیرۆر و تاوانانەن کە سەراسەری دنیای تەنیوەتەوە.

ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، وێرای سەرکۆنەکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستیە، بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرجەم ئەو هێز و دەسەڵاتانەی کە تێرۆری ڕێکخراو وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری کێشمەکێشەکانی نێوانیان، ئیمتیاز وەرگرتن لەم و لەو، بەکار دەبەن. نابێ ڕێگا بدرێت سەلمان روشدی و سەلمان روشدیەکان ببنە قوربانی ئەم گەمە قێزەون و تاوانکاریانە.

**ڕیکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕیکخراوی دەرەوەی حیزبی کرێکاریی کوردستان**

**ڕیکخراوی دەرەوەی حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**

**١٣ی ئاب/ ئۆگەستی ٢٠٢٢**